

# وتوێژ لەگەڵ ئەکبەری گەنجی

هاری کریسلەر
و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف

ئەکبەری گەنجی:

**"من هەمیشە لەبارەی تەفسیری فاشیانەی ئاینەوە نیگەرانم، هەموو ئەمانە وایکرد کە خۆم لە زینداندا ببینمەوە"**

**ئەکبەری گەنجی بەکێکە لەو نـوسـەر و ڕۆژنـامـەنـوسـە ڕیفۆرمیستانەی ئێران کە پێگەبەکی فراوانی لەنێو گەنجانـی ئێراندا هەبە. لەم چاوپێکەوتنەدا گەنجی باس لە خەوشەکانی شۆڕش و فاشیزم دەکات.**

سروشتی شۆڕشەکان

**کریسلەر:**

سلاّو ئەکبەری گەنجی، دەکرێ بپرسم لـەکـوێ لـەدایـك بوویت؟

**گەنجی:**

من لە تاران لەدایکبووم.

**کریسلەر:**

گەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، کاریگەری خێزانەکەت لەسـەر بیرکردنەوەت لە جیهان چۆن بوو؟

**گەنجی:**

من لەخێزانێکی هەژار و ئاینی لەدایکبووم، ئەمەش ڕۆلێکـی تەواو گرنگیان لە ئایندەی مندا گێڕا.

[illegible]

ئایا تۆ لە ئێراندا پەیوەندیت بە گاردەکانی شۆڕشەوە کرد ؟

**گەنجی:**

بەڵێ. ئەوە ڕاستە.

**کریسلەر:**

تۆ چۆن کاریگەری شۆڕشی ئێرانت لەسەر بوو، ئومێدێکـت بەو شۆڕشە هەبوو؟

**گەنجی:**

من بەشداری شۆڕشم کرد، بۆ ئەوەی ڕژێمێکی سـتـەمـکـار بڕوخێت و باروودۆخێکی باشتر بخولقێت، بەڵام ئەو باروودۆخە باشە هەرگیز نەخولقا. دەسەڵاتێکی سـتـەمـکـار گـۆڕا بـۆ دەسەڵاتێکی تری ستەمکار.

**کریسلەر:**

ئایا هەردەبوو ئەوە ڕوویدات؟

**گەنجی:**

بەڵێ.

**کریسلەر:**

بۆچی دەبێ ئەوە ڕوویدات:

**گەنجی:**

لەبەرئەوەی شۆڕشەکان ناتوانن دیموکراسی لەگەڵ خۆیانـدا بێنن.

**کریسلەر:**

لێرەدا ئاین چ ڕۆڵێك دەبینێت؟ تۆ دەتوانی لەهەمـانـکـاتـدا دەوڵەتێکی ئاینی و دیموکراتیت هەبێت؟

**گەنجی:**

ئێمە دیموکراسیەکی ئاینی یان نائاینیمان نیە، هەرچەندە ئێمـە خوێندنەوەی جیاوازمان بۆ ئاین هەبە. ئێمە تەفسیری فاشیانە و تۆتالیتاریانەمان هەبە، لە هەمـانـکـاتـیـشـدا تـەفـسـیرگـەلی دیموکراسیانەشمان هەبە. دوای شۆڕش لـەسایـەی تـەفـسـیری تۆتالیتاری ئیسلامیدا چی لە ئێراندا ڕوویدا. لە بەرببەرەکانـی ئەمەدا، ئێمە پێشنیاری تەفسیری دیموکراسی بـۆ ئـیـسـلام دەکەبن، ئێمە بەهەموو توانابەکمانەوە دژ بە خـوێـنـدنـەوەی تۆتالیتاربن.

**کریسلەر:**

لەبارەی زۆرەملێی شۆڕشەوە بۆ سـەر خـەڵـك چـیـمـان پێدەڵێیت؟ ئێمە دەتوانین بە تیرمی هێزە کۆمەڵابەتیەکان یـان بەزاراوەگەلی هەڵەبەکارهێنانی دەسەڵات لە شۆڕش بگەبن؟

**گەنجی:**

بەبۆچوونی من شۆڕش لەلایەن هیچ کەسێکەوە ناتـوانـرێـت بەزۆرەملێ بکرێت. ترۆتسکی شوێنکەوتەی ئەم تیۆرییە بوو. ئەو کتێبێکی نوسیوە بەناونیشانی "شۆڕشێك کە خـیـانـەتـی لێکرا". ئەو پێی وابە کە ستالین خیانەتی لە شۆڕشی ڕوسـیـا کرد. شێوەی ستالین لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا زۆر سروشـتـی بوو. سروشتی شۆڕشەکە خولقاندنی هەرێمێك بوو لە ترس.. بازنەبەك لە ترس. ئەوە لە هەموو شـۆڕشـێـکـدا دووبـارە دەبێتـەوە.

**کریسلەر:**

بەڵام چی بکرێت گەر هەڵگەڕانەوەبەك لە سیسـتـەمـێـکـی گەندەڵدا بینلادا، بۆ نمونە ئەو سیستەمێك کـە شـا کـاری لەسەر دەکرد، بەبێ بوونی هیچ شۆڕشێك؟

**گەنجی:**

ئەگەر رژێمێك هەموو شەقامەكانی بەسەر ئۆپۆزسیۆن و جوڵانەوەكاندا داخست، ئەوا هیچ رێگەیەكی تر نیە جگە لە شۆرش. كەس ناتوانێ پلان بۆ شۆرش دابنێت. شۆرش لە وەها بارودۆخێكدا بەشێوەیەكی سروشتی روودەدات. كاتێك ئێمە باس لە شۆرشەكان دەكەین ئەوا ئێمە باس لە شۆرشە كلاسیكەكان دەكەین، بە تێرمی كلاسیك. شۆرشە كلاسیكیەكان گۆران لە سرۆاكچەری ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسی كۆمەڵگەدا دەكەن. شتی لەو بابەتە نەگونجا و تەنانەت نائەخلاقیشە، بەو مانایەی كە تۆ ناتوانیت ئامانجێك بەدەست بێنیت، بەڵام تۆ رژێمێك دەخولقێنیت لە ترس. بەڵام تۆ دەتوانی رژێمێك بگۆریت بە رێگەیەكی دوور لە شۆرش. بەكەم، ئێمە نامانەوێت هەموو شتەكان بگۆرین بەڵكو تەنها دەمانەوێت دیموكراسی و ئازادیەكی فراوان، بەرێگەی ماناكانی دیموكراسی بۆ كۆمەڵگە بهێنین، ئەمەش لەرێی ئاشتی و باخیوونی مەدەنیەوە.

**كوبسلەر:**

بروات وایە كە ئەوەی لە ئێراندا روویدا، شوێنكەوتەی مۆدێلێكی جیهانیە لە مێژووی نەتەوەكاندا.

**گەنجی:**

بەڵێ. شۆرشی فەرەنسا بوو بە مۆدێلێك بۆ هەموو شۆرشەكان، ناخۆشیەختانە، شۆرشی فەرەنسی مۆدێلێكی جوان نەبوو. تۆ دەبینی تەنانەت لە فەرەنسا تا كۆماری پێنجەم لە سەدەی بیستەمدا ئەم مۆدێلە دەبینین كە ئەوان دەیانویست حوكمی چەسپاندنی دیموكراسی بكەن.

شۆرشی ئەمریكی تاكە جیاكاری شۆرشەكان بوو. ئەو شۆرشە بۆ بنابدنانی ئازادی هەڵگیرسا. ئەوەش لەبەر بوونی جیاوازی نێوان هەلومەرجەكانی دوو شۆرش روویدا. بڵاوبوونەوەی هەژاری لە ئەمریكا لە ئەمریكا بوونی نەبوو، زیاد لەوە ئەو شۆرشە هەولێكی تەواو دیموكراسی و ئازادیخوازانە بوو. سروشت لە ئەمریكادا هەموو شتێكی ئامادە كردبوو بۆ هەموو كەسێك. "حكومەتی دینی و ئاسمانی" كە حوكمی فەرەنسای دەكرد لە ئەمریكادا بوونی نەبوو. لەبەرئەوە شۆرش لە فەرەنسا بە مانایەك لە ماناكان دژە كەنیسە بوو، لە هەمانكاتیشدا دەیویست كێشەی هەژاری چارەسەر بكات. لە ئەمریكادا مەسەلەی شۆرش تەنها هەولێك بوو بۆ ئازادی. ئەو مۆدێلە هەمان مۆدێلی شۆرش بوو لە سین، روسیا و كوبا. شۆرشی ئێران هەمان مۆدێلی شۆرشی فەرەنسی بوو، كە ئەوەش مۆدێلێكی خراپە.

## ئـاییـن و دەوڵەت

**كوبسلەر:**

لێرەدا لایەنێكی تر هەیە بۆ ئەوەی بزانین چی لە ئێراندا روویدا، ئەویش كێشەی ئاین و سیاسەتە. لە ناونیشانەكەتدا تۆ دەڵێی كاتێك ئاینزانی بەسیاسەتكرا، جیاوازیەكان لە كۆمەڵگەدا فشار بەخۆوە دەبینێت لەلایەن دەوڵەتی ئاینیەوە. چارەسەری ئەو كێشانە بە جیاكردنەوەی دامەزراوە ئاینیەكان دەبێت لە دەوڵەت، دەبێت بەسیاسەتكردنی ئاین رەت بكرێتەوە. لەبارەی رۆڵی ئاینەوە قسەمان بۆ بكە.

**گەنجی:**

ئاین دەگەرێتەوە بۆ مێژوویەكی فەندامێتالی دێرین، مەبەستم لە ئاینی جولەكە و مەسیحی و ئیسلامە، كە مێژوویەكی زۆر زۆر دێرینیان هەیە. پێشتر لە وڵاتاندا بۆ ماوەیەكی زۆر خەڵك یەكسان نەبوون. لانی كەم ئاینەكان وایان لە خەڵك دەكرد كە باشتر بژین. بەڵام مافەكانی مرۆڤ، دیموكراسی و یەكسانی و هەموو چەمكە نوێیەكان دەگەرێنەوە بۆ مۆدێرنەتە. كێشەكە لەوێوە دەستی پێكرد كە ئێمە دەستمان كرد بە گۆرینی ئاین بە ئایدۆلۆجیایەكی سیاسی، دواتر لەرێگەی حكومەتەوە فشاری ئاینیمان خستە سەر خەڵك. جیاوازیەكە لێرەوە دەستپێدەكات.... ئەوە پارادۆكسەكەیە. ئەوە هەڵەیەكی گەورەیە گەر هەوڵ بدرێت بە ئاین مافەكانی مرۆڤ بەدەستبهێندرێت. ئەوانە هەموو دیاردەگەلێكی مۆدێرنن و لە ناو ئایندا بونیان نییە.

باشترین شت ئەوەیە كە دامەزاوەكانی ئاین لە دامەزراوەكانی دەوڵەت جیابكرێتەوە.ئاین پێویستە بوونێكی تاكەكەسی



بێت. ئاین دەتوانێ لە ژیانی گشتیدا ئامادەگی هەبێت... بۆ نمونە، لە ئەڵمانیا پارتی دیموکراتی مەسیحی هەیە. لە هەمانکاتدا دامەزراوەکانی حکومەت و کەنیسە لەیەکتری جیاکراونەتەوە. دەوڵەت دەبێت دور و نزیك لەسەر بنەمای ئاینی دانەمەزرابێت. تۆ دەتوانی مومارەسەی ئاینی بکەیت، بەڵام تەنها لە ژیانی تاکەکەسی خۆتدا، پەیوەست بە باوەڕی ئاینی خۆتەوە، بەڵام حکومەت هیچ مافێکی نیە کە بەهێز شەریعەت بسەپێنێت، یان یاسای ئاینی بەسەر هاوڵاتیانی خۆیدا بچەسپێنێت. کێشە و پارادۆکس لێرەوە دەستپێدەکات.

**کریسلەر:**

ئیستا لە ئێراندا خەڵکی بە فشاری دەسەڵات مومارەسەی ئاین دەکات وەك حیجاب. دەسەڵات لە ئێراندا چی لە خەڵك دەوێت بیکات؟

**گەنجی:**

لەڕاستیدا دوو شت ڕوو دەدات. گروپێك لە خەڵك هەن لە ئێراندا کە بەڕاستی بڕوایان بە ئاین هەیە، بەڵام دوای ئەوە بەهەڵە بەکارهێنانی ئاینی دەبینن لەپێناو کۆکبوون لەسەر دیکتاتۆریەت. شەڕی ڕاستەقینە لەسەر ئاین نیە، بەڵکو لەسەر دەسەڵاتە. ئاین بۆتە قەڵغانێك بۆئەوەی خۆتی پێبپارێزیت. ئەمەش ڕێك ئەو دۆخەی کە لەئێراندا بوونی هەیە کە ڕژێم سود لە بیروباوەڕ دەبینێت.

**کریسلەر:**

خۆرئاوا چۆن لە دەسەڵاتی ئیستای ئێران تێدەگەن؟

**گەنجی:**

ئەوە زۆر ڕوونە کە کێ لە ئێران خاوەن دەسەڵاتە. لە سیستەمی یاسایی و قانوونیدا، هەموو دەسەڵاتەکان لەژێر دەستی سەرکردەی سەروەردایە. لە جیهانی ڕاستەقینەدا دەسەڵاتەکانی سەرۆك پەیوەندی بە دەستوریکەوە هەیە کە دەسەڵاتی دیاریدەکات. ڕژێمی ئێران بە گوتەی ماکس ڤیەر ڕژێمێکی پاتریمۆنیە. ماکس ڤیەر بۆ ئەم جۆرە ڕژێمە زاراوەی سوڵتانیزم بەکار دەهێنێت.

**کریسلەر:**

ئەم سەنتەری دەسەڵاتە چۆن سنور دەبڕێ لەگەڵ هەر جۆرێك لە بیرۆکراسیەت و پەیوەندیە دەرەکیەکان بۆ دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران؟

**گەنجی:**

سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی کۆن، ڕێبەرە گشتیەکان، ڕێبەرە سەرەتاییەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆك خۆیەوە ئاراستە دەکران. لەڕاستیدا ئەمەیە وات لێدەکات کە گوێت لە سەرۆك ئەحمەدی نەژاد بێت کە چیدەڵێت و بە ئارەزووی خۆی چی بوێت یەدەمیدا دەیڵێت.

**کریسلەر:**

ئەی لەبارەی گەڕان بەدوای چەکە ئەتۆمیەکانەوە، چۆن تێبگەین؟ من خوێندکارم لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان . مامۆستاکەم کێنێس والتش دەڵێت هەموو دەوڵەتدان لە بارودۆخی لێکچوودا دەبێت بەدوای چەکی ئەتۆمیدا بگەڕێن. ئایا ئەم تێگەیشتنە بۆ ئێران ڕاستە؟

**گەنجی:**

ئەم کێشەیە چەندین لایەنی جۆراوجۆری هەیە. بەر لە هەر شت، من نە خودام و نە پێغەمبەری خودام. لەبەرئەوە من زانیاریم نیە لەبارەی ئەوەی حکومەتی ئێران چی هەیە و چ پرۆگرامێکی نهێنی نیە. ئێمە لە هەرێمێك دەژین وەك دەوڵەتانی ئیسرائیل، پاکستان و هیندستان و ڕوسیا وایە کە هەموویان چەکی ئەتۆمیان هەیە. بەشێوەیەکی سروشتی، گەر وڵاتێك لەو ناوچەیە چەکی ئەتۆمی هەبێت، ئەوا وڵاتانی تریش دەخوازن چەکی ئەتۆمیان هەبێت.

ئەم کێشەیە دەتوانرێت بە دوو ڕێگە شی بکرێتەوە. یەکەمیان بریتیە لە ئەخلاق و یاسا، وە دووەمیان بریتیە لە پێگەی ڕاستەقینەی سیاسەت. لە ڕوئایی ئەخلاقی و یاساییەوە، ئەگەر تۆ مافی ئەوەت هەبوو چەکی ئەتۆمت هەبێت، ئەوا منیش مافی ئەوەم هەیە چەکی ئەتۆمیم هەبێت. هەرچەندە من بڕوام بەوە نیە کە دەوڵەتێك چەکی ئەتۆمی هەبێت و ئەوەی تریش دەبێت هەبێت. بۆیە ئێمە دەبێ چی بکەین؟ ئێمە تەنها دوو ڕێگەمان لەبەردەمدایە. شەڕ یان ئاشتی. گەر ئێمە خوازیاری شەڕ بووین، دەبێ ڕێگە بە هەموو کەسێکیش بدەین چەکی ئەتۆمی هەبێت و ئەوانی تریش بتوانن چەکی ئەتۆمی بەرهەمبێنن، لەبەرئەوەی کەس هەست بە ئارامی ناکات. بەڵام گەر ئێمە خوازیاری ئاشتی بووین، ئەوا ڕێگەیەکە بۆ چەکداماڵین لە چەکی ئەتۆمی لە هەموو ئەو ناوچانەدا. ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ ڕازیکردنی ئەوانیتر کە هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی نەکەن. ئەم مشتومڕە لە زاراوەگەلی یاسایی و ئەخلاقیدا خۆی دەبینێتەوە.

بەڵام لە زاراوەگەلی سیاسەتی ڕاستەقینە لێرەدا ململانێ دەخولقێنێت، ململانێ لەنێوان ئێران خۆرئاوا لەسەر ئەم مەسەلەیە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە حکومەتی ئێران و حکومەتی ئەمریکا پێویستە دانوسان بکەن، دانوسانێکی ئاشکرا و گشتی بەجۆرێك کە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانمان بۆ دیموکراسی لەمیانەی ئەو مشتومڕانەدا لەناو نەچێت. حکومەتەکانی خۆرئاوا لەڕاستیدا گرنگی خۆیان بۆ مافەکانی مرۆڤ یان دیموکراسی نیشان نادەن. لە کێشەی لیبیادا ئێمە شاهیدین کە ڕژێمەکانی خۆرئاوا هەوڵیاندا کە لیبیا چەکی ئەتۆم بەرهەم نەهێنێت، بەڵام لەئاست پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا بێدەنگ بوون.

ڕژێمی ئێران دەبێت ئارەزووی مشتومڕ و دانوسان بکات. ئەوە ڕێگەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێك لەسەر کێشەی ئەتۆمیەکەی لەگەڵ خۆرئاوا، لەبەرئەوە خۆرئاوا دەبێت بزوتنەوە دیموکراسیەکانی ئێران لەبەرامبەر داماڵینی چەکە ئەتۆمیەکان فەرامۆش نەکات، ئەمەش وەك ڕژێمی قەزافی لە لیبیا. لەبەرئەوە ئێمە نیگەرانین لەبارەی ئەم شتانەوە، وە ئێمە سوربین لەسەر ئەوەی کە هەر دانوسانێك

لەگەڵ ئێران دەبێت گشتگیر بێت.

بوون بە ڕۆژنامەنوسێکی ئێرانی

کریسلەر:

با بگەڕێینەوە بۆ کاروباری ژیانت. بۆچی تۆ بووی بە ڕۆژنامەنوس؟

**گەنجی:**

ئەمە چیرۆکێکی درێژە. من لەسەرەتاوە سەر بە بەرەی شۆڕش بووم.ئێمە بەشداری شۆڕشمان کرد بۆ ئەوەی بەهەشت بخولقێنین، بەڵام جەهەنەممان دروست کرد. من ئەندامی گاردی شۆڕش بووم و ئێرانیش لەبەردەم هەڕەشە و لێداندابوو و منیش پارێزگاریم لە وڵاتەکەم دەکرد. من گاردی شۆڕشم جێهێشت، ئەمەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم من هەرگیز بە بەردەوامی شەڕ ڕازی نەبووم و هیچ ئەنجامێکیشم لەو شەڕەدا نەبینی....

**کریسلەر:**

مەبەست شەڕی ئێران و عیراقە؟

**گەنجی:**

بەڵێ شەڕی نێوان عیراق و ئێران. دووەم: من دەمبینی گاردەکانی شۆڕش تەداخولیان لە سیاسەتی ئێراندا دەکرد، کە ئەوەش بەنسبەت منەوە شتێکی زۆر ئازارکێش بوو. بۆیە من گاردەکانی شۆڕشم جێهێشت و کاتێکیش خاتەمی بوو بە وەزیری ڕۆشنبیری، یەکسەر پەیوەندیم کرد بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە. ئیدی هەموو چالاکیەکانم سەبارەت بە باری ڕۆشنبیری بوو وە دەستم کرد بە نوسینی ڕۆژنامەنوسی.

**کریسلەر:**

ئایا شوێنکەوتەی پەروەردەی تۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتە؟ تۆ بەڕوونی زۆر لەسەر بابەتگەلی مێژووی جیهان و بوارەکانی تر شارەزاییت پەیداکرد. ئایا ئەمە پەیوەندی بە پێڕەوە هەبوو کاتێك کە گەنج بویت؟

**گەنجی:**

من پلەی ماستەرم لە سۆسیۆلۆجیادا بەدەستهێنا بەڵام نەمتوانی بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستبێنم و بەردەوام بم لەخۆپەروەردەکردن، ئەمەش بەهۆی چالاکیە سیاسیەکانەوەبوو. بەڵام من زۆر دەخوێنمەوە. حەز لە فەلسەفە دەکەم، فەلسەفە بە جۆرە جیاوازەکانیەوە، فەلسەفەی زانست و فەلسەفەی سیاسی. من حەز لە فەلسەفەی ئاین و بەشێوەیەکی ڕونتر ئارەزووی خوێندنەوەی سیاسەت دەکەم، سیاسەت بەمانا سروشتیەکەی.

**کریسلەر:**

تۆ نوسەر و ڕۆژنامەنوسی، بەڵام لەڕاستیدا تۆ فەیلەسوفێکی سیاسیت.

**گەنجی:**

نەك فەیلەسوف، بەڵام حەز بە فەلسەفە دەکەم.



**کریسلەر:**

دەزانم. بەڵام تۆ بیر لە پرسیارە گەورەکان دەکەیتەوە و دوای وەڵامە زیرەکەکان دەکەویت.

**گەنجی:**

من بیر لەو پرسیارانە دەکەمەوە کە وام لێدەکات بگەڕێم بەدوای وەڵامەکانیدا، بەڵام فەیلەسوفەکان بەگشتی پیاوی مەزنن. من وەك ڕۆژنامەنوسێك حەز لە مەسەلە فەلسەفیەکان دەکەم و دەمەوێت شوێنی، کەوتەی پرسیارە فەلسەفییەکان بم.

**کریسلەر:**

لەبارەی کارە بەناوبانگەکانتەوە بدوێ، ئەو ڕاپۆرتانەی وایکرد کە لە زیندانەکانی ئێراندا خۆت ببینیتەوە.

**گەنجی:**

ئەوە زنجیرەیەك ڕوویداون، بەڵام گرنگترینیان بریتییە لە لێشاوێك لە کوشتن لە ئێراندا. جیاواز لەو گوتارانە من چەند وتارێکم لەبارەی ڕۆڵی باسا و پیاوانی ئاینیەوە نوسی. دوای بیست ساڵ بۆ یەکەمینجار من لە ئێراندا لەبارەی فاشیزمەوە نوسیم. یەك ساڵ دوای هەڵبژاردنی خاتەمی وەك سەرۆکی ئێران، من لەبارەی فاشیزمەوە قسەم کرد و زیندانیکرام. من هەمیشە لەبارەی تەفسیری فاشیانەی ئاینەوە نیگەرانم، هەموو ئەمانە وایکرد کە خۆم لە زینداندا ببینمەوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی من لەسەر ئەوە زیندانیکرام کە لەبارەی ڕۆڵی خراپی هاشمی ڕەفسەنجانی و پرۆژە خراپەکانی سەبارەت بە کوشتن و سەرکوتکردنەوە قسەم دەکرد.

**کریسلەر:**

کەواتە، تۆ دەتویست پلورالیزم بگێڕیتەوە بۆ دەوڵەت، دەوڵەتێك بەرەو فاشیزم هەنگاودەنێت ئەمەش بەهۆی تاوانەکانییەوە کە بەر لە هەرکەس سەرکردەکانی ئەنجامیدەدەن.

**گەنجی:**

بەر لە هەر شت دەبێت ئاگات لەو خاڵە بێت کە لە ئێراندا نە لە ئێستا و نە لە ڕابردوودا ڕژێمێکی تۆتالیتاری فاشی نیە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی جیهانی نوێ ڕێگە نادات ڕژێمێکی فاشیست دروستبێت. من هەمیشە نیگەرانم بەوەی کە ئەوان دەخوازن ڕژێمێکی فاشیی و تۆتالیتار بنیاد بنێن. من دەزانم



تێگەیشتنی ئەو ڕژێمە لە ئاین زۆر ترسناکە بۆ ئێمە. لەبەرئەوە من لەو بارەیەوە نوسیومە و دەمەوێ خەڵك لە مەترسی ڕژێمێکی لەوجۆرە ئاگادار بکەمەوە. زانستە کۆمەڵایەتیەکان جیاوازیەکی گەورەیان هەیە لە زانستەکانی تر. لە زانستە نوێیەکاندا کاتێك شتێك ڕوودەدات لە دەرەوەی جیهان، ناتوانن ئەو ڕوداوە بوەستێنن. بۆ نمونە، ئەگەر خۆرگیران ڕوویدات ئەوا کەس ناتوانێت وا بکات کە ڕوو نەدات، یاخود بومەلەرزە، یان بورکان، تۆ ناتوانی وا بکەیت ئەمانە ڕوو نەدەن، کەچی ئێمە هەموو دەتوانین ڕێژەی

ڕووداوەکان لەسەرخۆمان کەم بکەینەوە. بەڵام لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، لەبەرئەوەی کاریگەریان هەیە لەسەر مرۆڤایەتی، ئەوا ڕاستەوخۆ ددەکەوینە ژێر کاریگەری ڕوداوەکانیەوە. کاتێك شتومەك دەنگۆی بەرزبوونەوەی نرخەکەی بلاوبۆوە، ئەوا ڕاستەوخۆ لەگەڵ بلاوبوونەوەی هەواڵەکەدا بەرزبوونەوەی نرخ ڕوودەدات.

لەبەرئەوە، کاتێك ئێمە بینیمان فاشیزم خۆی بنیاد دەنێت، ئەوا ئێمە باسی لێوە دەکەین، ئێمە ڕێگەنادەین سەرهەڵبدات. ئێمە قسە لەبارەی فاشیزمەوە دەکەین، بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕوودانی بگرین. تەنانەت کاتێك کە من لەبارەی ڕژێمی تۆتالیتار و فاشی لە ئێراندا قسە دەکەم، من دڵێم لە ئێراندا ڕژێمێکی فاشی و تۆتالیتارمان لە ئێستادا نییە، بەڵام قسەکردن لەبارەی ئەو وێرانکاری و کێشەکانەوە کە ڕژێمی فاشی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەوە ئێمە ڕێگە لە وەها ڕژێمێك دەگرین کە بێتە سەر دەسەڵات. ئەمڕۆ من هەست دەکەم کە دەبوو بەر لە هەشت ساڵ پێش ئێستا باسمان لەم مەسەلانە بکردایە، وە زیاد لەوە بست ساڵ پێش ئێستا لەسەر ئەو چەمکانە هەڵوێستەمان بکردایە. ئێمە ئێستا ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبینەوە.

**کریسلەر:**

سەبارەت بە دەربڕینی بۆچوونەکانت بوو کە کەوتیتە زیندانەوە، من دەپرسم ماوەی چەندێك لە زیندان مایتەوە؟

**گەنجی:**

یەکەمین زیندانیکردنم، من بۆ ماوەی یەك ساڵ حوکمدارم، بەڵام تەنها سێ مانگ لە زیندان مامەوە. من تا ئێستاش ئەو نۆ مانگە قەرزارم. زیندانیکردن بەهۆی قسەکردنەوە بوو لەسەر فاشیزم. دووەمین جار بۆ ماوەی شەش ساڵ زیندانی کرام. سێیەم جاریش تا ئێستا ڕوونەداوە.

**کریسلەر:**

دەزانم. ئایا تۆ لە زیندان ئەشکەنجە درای؟

**گەنجی:**

ئەوە پەیوەندی بە تێگەیشتنمانەوە هەیە بۆ ئەشکەنجە. گەر مەبەستت ئەوەیە بە کێبڵ لە قاچەکانم بدەن، نەخێر شتی وا ڕوونەداوە. گەر مەبەستت ئەوەیە ئازاریان دابێتم یاخود شەقیان تێهەڵدابێتم، بەڵێ، شتی وا ڕوویداوە.

کریسلەر:

چۆن تاوانیت ئەو بارودۆخەی زیندان بگوزەرێنیت؟

گەنجی:

**ئێمە ئومێدمان** هەیە، ئامانجمان هەیە. هەریەك لە ئێمە بۆ شتێك لە ژیاندا شەڕ دەکات. هەریەك لە ئێمە دوای شتێك دەکەوێت لە ژیاندا. ئامانجی کەسێك شوێنکەوتنی پارەیە و تەنانەت شەو و ڕۆژ شەڕ دەکات بۆ کۆکردنەوەی پارە. کەسێك دەیەوێت پاڵەوانی فوتبۆڵ بێت، کەسێك خوازیارە ببێ بە ئەکتەر. کەسێکی تر زۆر هەوڵ دەدات کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکرێت"پێکەنین". وەهەروەها کەسێکیش شەڕ بۆ دیموکراسی و ئازادی دەکات. لەبەرئەوە ئێمە هەموو بەردەوام لە شەڕداین.

## سروشتی فاشیزم

**کریسلەر:**

ئەو فاکتەرانە چین کە ڕێگرن لەوەی کە ڕژێمێکی فاشی دروست بێت و ببێت دیفاکتۆ؟

**گەنجی:**

یەکێك لە خەسڵەتەکانی ڕژێمی فاشی بریتییە لە سەپێرسکردنی سەرجەم هاوڵاتیانی کۆمەڵگە و خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی یەك ڕەنگ، بەڵام ئەمە تەنها یەکێکە لە کارەکتەرییستەکانی کۆمەڵگەی فاشی.

فاشیزم سیتەمێکە پێویستی بەدەرکردنی سەرجەم پارتە سیاسییەکان هەیە. لە سیستەمی فاشیزمدا تۆ پێویستت بە دەسەڵاتی ڕەهای یەك پارتی سیاسی هەیە. کەلتور بەتەواوی پەراوێزخراوە لە ڕاگەیاندن و پروپاگەندەکاندا، پەروەردە لەبالادەستبوونی پروپاگەندەدا پەراوێز دەخرێت، وەهەروەها خەسڵەتەکانی تری وەك سیاسی و ئابووری بەهەمان شێوە. کاتێك تۆ کۆمەڵگەی مەدەنی پەراوێز دەخەیت، ئەوا تۆ خەڵك لە یەکەیەکی تەواو بچوکدا پەراوێز دەخەیت و ئیدی ئەوانیش فەقیرتر دەبن لەوەی بتوانن بە کارەکتەرگەلێکی

تەکنیقی کۆمەڵگە. ئەوان ئیدی ناوانن وەك کارەکتەرێك خۆیانبن و بەس.لەسەردەمی ستالیندا تۆ چانسی ئەوەت هەبوو کە سەرکوتی هەموو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بکەیت، وە تاکە دەنگێك کە دەبیسرا ستالین بوو. تۆ بەك ڕادیۆت هەبوو کە دەتتوانی تەنها گوێبیستی ستالین بیت.

گەر کۆمەڵگە زیاد لە دەنگێکی تێدا بیسرا، ئەوا دەنگی ڕژێمی فاشی لەوەها کۆمەڵگەیەکدا بەرەو کزبوون چووە. شۆڕشی گەیاندن ئەو چانسەی بۆ دەستەبەر کردووین، بەو مانایەی کە تۆ دەتتوانی لەڕێی کەناڵێکەوە کە سەتەلایتە جێیەك بۆخۆت بکەیتەوە، ئینتەرنێت، تەلەفۆنی قسەکردن، یان هەر جۆرێکی گەیاندن بێت. ڕژێمەکانی وەك ئەو ڕژێمەی لە ئێران باڵادەستە، هەروەها لە سینیش، فلتەریان بۆ ئینتەرنێت، یان بەربەستیان بۆ فریکوێنسی پرۆگرامەکانی سەتەلایت داناوە. بەڵام تەکنەلۆژیای مۆدێرن ڕێگەمان دەدات بۆ شکاندنی ئەو فلتەرانە و جارێکی تر چوونە ناو سایتەکانەوە، ئەمەش وای کردووە کە نەگونجاو بێت بۆ ئەو ڕژێمەی کە دەیەوێت تەنها دەنگی خۆی بیسرێت.

ئەو ڕژێمەی کە دەخوازێت بەك دەنگ بیسرێت، هەروەها دەخوازێت کە خەڵك بەیەك چاو ببینن، یەك جل بپۆشن، هەموو کەسێك یەك ئاراستەی بیرکردنەوەی هەبێت. ئێمە هەموو یەك بیروڕامان هەیە کە ژیانی باش و خۆشگوزەرانی چۆن فەراهەم دەکرێت. ئەمەش وەکو (**Play-Doh**) تۆ دەتوانی باری پێبکەیت و بەو ئاراستەیە شێوەکەی بگۆڕیت کە خۆت دەتەوێت. بەڵام ئەو شتانە چیتر نەگونجاون. تۆ ناتوانی بەو شێوەیە چیتر لە کۆمەڵگەدا ڕەفتار بکەیت. ئەو گونجابوو بۆ ستالینیست و ڕژێمی نازی ئەڵمانی، بەڵام تۆ لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا هەرگیز بۆت ناچێتە سەر ئەوە بکەیت. ئەوە تەنها شۆڕشی تەکنۆئینفۆرماتیك نییە لە پەیوەندیەکاندا کە چەندین شتی بەدوای خۆیدا هێناوە، هەروەها گلۆبالیزەیشنیش لەئارادایە، بەتایبەت لە کایەی ئابووریدا کە ناچارمان دەکات مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. لە ڕابردوودا دەوڵەتی نەتەوە زۆر بەهێز بوو. لەڕێگەی گلۆبالیزەیشنەوە دەوڵەتی نەتەوە لە جیهاندا لاوازی بەخۆوە بینی. من تەنها تەماشای نمونەیەکی زۆر سادە دەکەم کاتێك تۆ دەچیتە ناو ڕێکخراوی بازرگانی ئازادەوە، تۆ ناتوانی بزنس کۆنترۆڵ بکەیت، تۆ ناتوانیت کۆنترۆڵی چالاکیەکانی ئەوانی تر بکەیت. قبوڵکردنی ئابوری بازاڕ چەندین جیاوازی دەخولقێنێت.

ئابووری بازاڕ ڕێگەت پێدەدا کە دامەزراوەکان بنیاد بنێیت و لە حکومەت جیابیت. ڕژێمی تۆتالیتار یان فاشی دەخوازێت هەموو کایەکانی ئابووری لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدابێت. ئابووری ڕژێمی کۆمۆنیستی شکستی هێنا. کەس لەسەر ئابووری کۆمۆنیست بەردەوام نەبوو، تەنانەت هەموو سۆسیال دیموکراتەکانی ئەمڕ بەرگری لە بازاڕی ئازاد دەکەن. کاتێك بازاڕی ئازاد دێتە کۆمەڵگەوە، سەرهەڵدانی فاشیزم و تۆتالیتاریزم دەبێتە ئەستەم. بەڵام لە هەمانکاتدا، تا ئێستاش ڕژێمی دەسەڵاتگەرا و ستەمکار بوونی هەیە.

خەیاڵکردن بۆ دیموکراسی

**کوبسلەر:**

ئیدارەی جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکاو کونگرێس بڕوایان وایە دەتوانن بە دەستوەردانە ولاتانی وەك ئێرانەوە دیموکراسی لە ناوچەکەدا بلاو دەکانەوە. تۆ لەم بارەیەوە چ بۆچوونێکت هەیە؟

**گەنجی:**

زیاد لەوە، ئەوان بەو دەستتێوەردانە بزوتنەوەی دیموکراسی لەکەدار دەکەن، وەك ئەوەی بارمەتی بدەن.

**کوبلەر:**

بەو شێوەیە؟

**گەنجی:**

کاتێك تۆ شوێنی ئەو میتۆدە سەربازییە ڕادیکاڵە دەکەوی، تۆ چانسێك دەبەخشی بە ئۆپۆزسیۆنەکەت کە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ گەشە بکات. کاتێك قەیرانێك لەئارادابێت، پێش هەموو شتێك پرۆسەی دیموکراسی توشی تێکشان و کۆسپ دەبێت. دوای یازدەی سێپتەمبەر ئەمریکا چیبەرسەر هات؟ ئەوان توانیان ئازادی مەدەنی فراوان بکەن یاخود لاوازی بکەن؟ ئەوان ئەمڕۆ ڕادەگەیەنن کە تیرۆرستی

گومانلێکراوەیان لە بەریتانیا دەستگیر کردووە. ئایا ئەوان لەڕاستیدا پەرەیان بە ئاشتی داوە یاخود ئاشتی و ئارامی پاشەکشەی کردووە. کاتێك تۆ ڕووبەڕووی مەترسی و قەیرانەکان دەبیتەوە ئازادییە مەدەنیەکان شکست دەهێنن و پێوەرەکانی ئاسایش فراوان دەبێت.

ئەم کێشەیە بۆ ئێمە لە جیهانی سێدا بوونی هەیە و وەها جیهانێکیش لێوانلێوە لە ڕژێمی تۆتالیتار کە زۆر زۆر توندوتیژن. لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا هەموو هەست دەکەین کە بەشێوەیەکی نایەکسان مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە: یەکێك لە کێشەکان مەسەلەی فەلەستینە. هەموو کەس پێی وایە کە خۆرئاوا و سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بارمەتی ئیسرائیل



دەدات و مافی فەلەستینیەکان فەرامۆش و پشتگوێ دەخات. دووەم بڵاوبوونەوەی برسێتی لەم هەرێمەدا. خەڵك لەم هەرێمە دەبینێ سەرباری ئەوەی لە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بەنەوتدا دەژی، بەڵام تا ئێستاش لە برسێتی و نەبوونیدا غەرق بووە، کە خۆرئاوا لە ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانیدا دەژی. ئەوان هەست بەو مەسەلەیە ناکەن کە چۆن دەربازیان بێت لەم قەیرانە، ئەوان هەرگیز ناتوانن بگەن بە خۆرئاوا. خەڵکانی ئەم هەرێمە ئێستا لەسایەی دەوڵەتگەلێکی ستەمکار و دیکتاتۆردا ژیان دەگوزەرێنن. سەرۆك جۆرج بوش و تۆنی بلێری سەرۆك وەزیری بەریتانیا هەردوکیان دان بەوەدا دەنێن کە ڕژێمەکانی خۆرئاوا ئەو ڕژێمە ستمکارانەی خۆرهەڵاتیان

هێناوە تەنانەت پشتیوانیشیان دەکەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. زۆرێك لەو ڕژێمانەش دەستیان هەیە لە گەشەکردن و فراوانکردنی فەندامێنتالیزم لەو هەرێمەدا. بۆیە هەست دەکەین فەندامێنتالیزم لەوەها هەرێمێکدا بڕوای بە دیموکراسی و ئازادی نابێت. ئەمڕۆ ئێمە ڕووبەڕووی کێشەی فەنداامێتالیزمی مەسیحی و جولەکە و موسوڵمان دەبینەوە، کە ئەو میتۆدانە هەرگیز بارمەتی گەشەسەندنی دیموکراسی نادەن ، بەڵکو هەوڵی شکستی دیموکراسی و بزوتنەوە دیموکراتیەکان دەدەن.

**کوبسلەر:**

لەم گەشتەتدا تۆ بانگێشت کرابوویت بۆ کۆشکی سپی بەڵام ڕەتت کردەوە بچیت. ئایا ئەوە ڕاستە؟ گەر ڕاستە، بۆچی؟

**گەفی:**

نەخێر. من هیچ ئایووبەك لەو دانوسانان و مشتومڕانەدا نابینم. دانوسان باشترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك. دەبێت ئێمە کارێ بکەین شەڕ و تەفەنگ لەبەرامبەر دانوسان و دیالۆگدا پاشەکشە بکات. نیلسن ماندێلا هاتە ئێرە و چاوی بە سەرۆك بوش کەوت. کاتێك پرسیاری ئەوەی لێکرا کە بۆچی لەگەڵ سەرۆك بوشدا دانیشتیت؟ ئەو وتی: " لەپێناوی ئازادی و بنەبڕکردنی جیاکاری ڕەگەزیدا ئامادەم لەگەڵ شەیتانیش کۆببمەوە". پێغەمبەری ئیسلام خۆی لەگەڵ کافرەکان دانوسانی کرد، خۆی داوای لە کافرەکان کرد یا بە دیالۆگ کێشەکانمان

چارەسەر بکەین.

نە ئێمە پێغەمبەرین و نە ئیدارەی سەرۆك بوشیش. ئەگەر بزوتنەوەی دیموکراسی سەرکەوت و سەرکردەیەکی هەبوو، ئەوا ئەو سەرکردەیە پێویستە، بەدڵنیاییەوە دەبێت دانوسان و دیالۆگ لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا بکات. بەڵام من سەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە نیم. من تەنها ڕوناکبیر و ڕۆژنامەنوسێکم. من بە ئازادانە و بەکراوەیی بۆچوونی خۆم دەردەبڕم. بەڵام ئەمڕۆ هەرەشە ڕووبەڕووی ئێمە بۆتەوە، هەڕەشەی لێدانی سەربازیە بۆسەر وڵاتەکەمان. پێویستە بە هەر نرخێك بێت ئێمە هەوڵ بدەین ئەمە بوەستێنین. ئەگەر ئێمە توانیمان لەڕێگەی دانوسانەوە وایکەین کە ئەو شەڕە نەبێت ، ئەوا من بەشێوەیەکی ڕەها دەست دەکەم بە دانوسان.



**کریسلەر:**

ئەمڕۆ لە حەرەمی بێرکلی ئێمە قسە لەبارەی کێشەی مافەکانی مرۆڤ و ئیسلام دەکەین. وەك ئەوەی من گوێم لە مشتومڕی تۆ بوو کە باست لەوە دەکرد پابەکانی ژن لە ئیسلامدا دەتوانێ تەفسیری جیاواز بەخۆوە ببینێت، وە ئۆپۆزسیۆنی ژنان لەمڕۆدا بریتیە لە یەك تەفسیری داخراو. ئایا ئەوە ڕوون بوو کە تۆ ئەمڕۆ چۆن بیروبۆچوونت بگەیەنیت؟

**گەنجی:**

وەك ئەوەی پێشتر باسم کرد، ئاین دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. کاتێك تۆ تەماشای دەقی پیرۆز دەکەیت، جا بایبل، تەورات، یان قورئان بێت، دەبینی ژن و پیاو یەکسان نین. لەبەرئەوە ئەوە دەکەوێتە سەر تەفسیری تۆ بۆ دەقی پیرۆز. من ئەوەم لە نوسینەکانمدا باس کردووە کە ئێمە دەتوانین ئەم کێشەیە بە سێ تەفسیری جیاواز چارەسەر بکەین، تەفسیرگەلی ترادسیۆنالیستەکان و هەروەها مۆدێرنیستەکان. هەموونەوانە دیالۆگیان لەمەڕ جیاکاری ڕەگەزی قبوڵە. کەسێك دەتوانێ موسوڵمانیش بێت و یەکسانی لەنێوان ژنان و پیاوانیشدا قبوڵ بکات.

سەرچاوە:

**conversation with history, herry krisler.2006**